مەخموور

www.mexmurpress.com

خاوەنی ئیمتیاز

جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر

بەختیار محەممەد

makhmur@yahoo.com

لەم ژمارەیەدا

* بەختیار محەممەد — ل٣
چۆن چارەسەری کێشەو کەموکورییەکانی مەخموور دەکرێن؟

* نیان ئیمام — ل٤
بۆچی پیاوان ئەنڤەی هاوسەری لەدەست ناکەن

* لە مۆندیالی ٢٠١٠ — ل٧
بەرازیل لەگەڵ بەرازیل یاری دەکات

دیدارێك لەگەڵ سوارچاك و عەگیدی دەشتی قەراج (کێخوا سێوێ)دا... ل٥

ژمارە (١٥) — رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت — نرخ (٥٠٠) دینار — سێ شەممە ٢٠٠٩/١٢/١٥ — ٢٤ی سەرماوەزی ٢٧٠٩

مەخموور بەشێکە لەکوردستان نەك ئەفریقیا

١٠ هەزار چەکی قەرەبوو دابەش دەکرێت

قایمقامی مەخموور: رێگە لەکەس ناگرین بچنە موسڵ یان نا

تایبەت بەدەنگی مەخموور

ماوەی چەند مانگێکە نزیکەی ٥٠٠ فەرمانبەری کاتی لەمەخموور مووچەیان وەرنەگرتووەو بۆ ئەم مەبەستە وەفدێك لە قەزای مەخموورەوە سەردانی پارێزگای موسڵ دەکەنو قایمقامی مەخموور پێی وایە دواکەوتنی ئەو مووچەیە لەلایەن پارێزگای موسڵەوە وەکو فشارێکی سیاسی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنێت.

رۆژی ١٢/٧ وەفدێك لە هاوڵاتیانی مەخموور کە لە ٧١ کەسی کوردو ١٥ کەسی عەرەب پێکهاتبوو سەردانی پارێزگاری موسڵیان کردو داواکاریەکانیان گەیاندە پارێزگا، ئەو وەفدە داوایان لەپارێزگا کرد کە مووچەی فەرمانبەرانو تازە دامەزراوان بدات، لەوەڵامدا پارێزگای موسڵ بەڵێنی پێدان کە داواکاریەکانیان جێبەجێ بکات، هەروەها پارێزگای موسڵ ئەوەشی راگەیاند کە ئەوان بەردەوام مووچەیان ناردووە بەس دیارە کەمتەرخەمی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوەکراوە.

سەبارەت بەو لێدوانانەی پارێزگاری موسڵ، بارزان سەیدکاکە قایمقامی قەزای مەخموور لەلێدوانێکی بۆ رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) گوتی "ئێمە رێگە لەکەس ناگرین بچنە موسڵ یان نا، بەڵام ئەو کێشەیەی ئێستا دروست بووە ئەمە یەکەم جار نییە کە پارێزگای مووسڵ کێشەی بۆ ئەو ناوچانە دروست دەکات، پارێزگاری موسڵ وەکو فشارێکی سیاسی بۆ بەرژەوەندی خۆی وەکو ئابلۆقەیەك بەسەر ئەو ناوچانە بەکاری دەهێنێتو مووچەی ئەو فەرمانبەرانە هەرکاتێك هاتبێت ئێمە دابەشمان کردووە".

سەیدکاکە گوتیشی "پارێزگای موسڵ بەردەوام تۆمەتەکان دەخاتە پاڵ دەسەڵاتی کوردستان، وەك دەبینین بەردەوام هەرچی تەقینەوەو کاری تیرۆریستی رووبدات کوردی پێوە تۆمەتبار دەکەن". قایمقامی مەخموور ئەوەشی رووونکردەوە کە "هیچ هاوڵاتیەك مافی ناخوریتو ئەو مووچەیەی هاتبێ دابەشمان کردووەو ئەوەی گلەیی هەیە دەتوانێ شکایەتی بکاتو بەرپرسین لەهەر حاڵەتێك ئەگەر رووی دابێت".

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا بارزان سەید کاکە گوتی "داواکارین لەهاوڵاتیان پاڵپشتی هاوپەیمانی کوردستان بنو هەڵوێستی لەوجۆرە ساردیان نەکاتەوەو هەستی نەتەوەییو نیشتمانی لەسەرووی هەموو شتێکەوە دابنێن"، گوتیشی "چەندین جار هەوڵماندراوە کێشەی مووچەی ئەو فەرمانبەرانە چارەسەر بکەین، بەڵام وەك دەبینین چارەسەر نەبووەو بڕیاروایە لەکۆبوونەوەی لیستی برایەتی نەینەوا ئەو کێشەیە بخرێتە بەرباسو چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە".

سەبارەت بە چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠یش قایمقامی مەخموور رایگەیاند "دوای پەسندکردنی یاسای هەڵبژاردنی عێراق مژدەیەکی خۆش هەیە کە لەماوەیەکی نزیك نزیکەی ١٠ هەزار چەکی قەرەبوو دابەش دەکرێتو بێگومان مەخموور لەو ژمارە بەشی خۆی وەردەگرێتو هەرکاتێك ناوەکان هات ئەوا یەکسەر دابەشی دەکەین".

بەهۆی بڕیارێکی پەروەردەی موسڵ

بەڕێوەبەری ناوەندیی ئاراس لەگوێڕ بریندار دەکرێت

دەنگی مەخموور - گوێڕ

سەر لەبەیانی رۆژی شەممە (٢٠٠٩/١٢/٥)، بەڕێوەبەری ناوەندی (ئاراس) لەشارۆچکەی گوێری سەر بەقەزای مەخموور مامۆستا (تەها عەزیز) لەناو قوتابخانەکەی لەلایەن هاوڵاتیەك بەناوی (.....) کە دەکاتە برازای ئەو مامۆستایە تەقەی لێ دەکرێتو لەئەنجامدا بریندار دەبێتو دواتر رەوانەی نەخۆشخانەی شاری هەولێر دەکرێت بۆ چارەسەرکردن.

لەلێدوانێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموو) مامۆستا تەها عەزیز رایگەیاند "ئەوکاتە لەناو قوتابخانە بووم هاوڵاتیەك هێرشی کردە سەرمو لەناو ژووری ئیدارە بەکلاشینکۆڤ تەقەی لێکردمو دواتریش هەڵاتو دوو گولە بەر قاجم کەوت، دوای نەشتەرگەری ئێستاکە گەڕامەتەوە ماڵەکەم، هەرچەندە برینەکەم چارەسەرنەبووەو ئەگەر وابڕوات ئەوا قاجەکانم لەدەست دەدەم".

سەبارەت بەو رووداوەو هۆکاری تەقەکردنەکە هەروەك مامۆستا تەها عەزیز بەڕێوەبەری ناوەندی ئاراس ئاماژەی پێداو گوتی "کێشەکە دەگەڕێتەوە سەر سیستەمی پەروەردە کە سیستەمێکی نەگونجاوە، لەبەر ئەوەی ئێمە سەر بەموسڵین، بۆیە هەر قوتابیەك تەمەنی خوار ١٩٩٣ ناتوانێت لەناوەندی بخوێنێو ئەو هاوڵاتییەی کە تەقەی لێم کرد هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە بووە، چونکە خزمێکی خۆی لەدایکبووی (١٩٩١)ەو داوای کرد کە لەپۆلی یەکەمی ناوەندی وەربگیرێت ئەمەش پێچەوانەی ئەو بڕیارەیەو رەتمان کردەوەو ئەوەبوو دواتر بەو جۆرە هێرشی کردە سەرمان". گوتیشی "من بەگوێرەی یاسا دەرۆم ئەگەر کوڕی خۆم بێت هەر بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ دەکەم، بەڵام ئەوەی ئێستاکە دەمەوێ تەنیا ئەوەیە قاچەکانم چاك ببنەوە".

لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور (شۆرش خدر) ئیدانەی ئەو کارەی کردو رایگەیاند "ئێمە ئیجراتاتی یاسایی دەکەینو قبول ناکەن هیچ جۆرە دەستدرێژییەك بکرێتە سەر هیچ مامۆستایەك، ئێستاکەش چاوەڕێی نووسراوی سەرپەرشتیارانو مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیەم بۆئەوەی ئیجراتاتی خۆمان بکەینو بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوەی لەدەستمان بێت دەیکەین"، بەڕێوەبەری پەروردی مەخموور ئەوەشی گوت "ناتوانین ئێستا هیچ بڕیارێك بدەین تا ئەوکاتە تەواوی رووداوەکە ئاشکرادەبێت، ئەرکی مامۆستا لەسەر ئێمەو هەموولایەکەو بەرگری لێی دەکەینو ئیدانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەین".

سەبارەت بەبڕیاری پەروەردە لەوەرگرتنی قوتابی هەروەك (شۆرش خدر) روونی کردەوە "نابێ قوتابی لەدوای بەرواری ١٠/١٥ لەقوتابخانە وەربگیرێت، بەڵام کێشەی ئێمە لەگەڵ

بۆ ل٢

مەخموور دژی ئەنفلۆنزای بەراز دەوەستێ

تایبەت بەدەنگی مەخموور

دوای بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز ناسراو بە H1N1 تیمەکانی بنکەی تەندروستی مەخموور هەڵسان بەهەڵمەتێکی کوتان دژی ئەم پەتایە، ئەمەو ئەو هەڵمەتە لەسەرجەم باخچەی ساوایانو قوتابخانە سەرەتاییەکانی مەخموورو دەوروبەری گرتەوە، ئەوانەی کە تەمەنیان لەخوار (١٢) ساڵی بوو لەو هەڵمەتەدا کوتران لەدژی ئەم پەتایە. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك لەمەخموور پێك دەهێنرێت.

سەبارەت بەسەرهەڵدانی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز لە دەڤەری مەخموور قایمقامی قەزای مەخموور ئەوەی رەتکردەوە کە هیچ جۆرە حاڵەتێك لەو دەڤەرە رووی دابێت، لەلێدوانێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور) بارزان سەید کاکە رایگەیاند "تائێستا هیچ حاڵەتێکی لەو جۆرە لەمەخموور رووی نەداوە".

سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی ئیدارەی مەخموور بۆ بەرگری کردن لەو پەتایە گوتی "لیژنەیەك کە لەچەند لایەنێك پێکهاتووە لەوانە (بنکەی تەندروستی مەخموورو پەروەردەی مەخموورو لەگەڵ چەند رێکخراوێکی دیکە) هەستاون بەچەند هەڵمەتێکی کوتان دژی ئەو پەتایە". گوتیشی "هەموو بنکەکان ئاگادارکراونەتەوەو ئێستاکەش نووسراوێك هەیە بەهەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی تەندروستیو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان بۆ کارکردنو رێگەگرتن لەو پەتایەو ئەنجامدانی کاری پێویست، بۆ ئەم مەبەستە سەرجەم بنکە تەندروستییەکان هەستاون بە دەرکردنی روونکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان بۆ رێگەگرتن لەتووشبوون بەو پەتایە".

غەفوور مەخمووری

مەخموور یەکێکە لەو دەڤەرانەی کەلەسەر دەستی رژێمی رووخاوی عێراق گەورەترین زوڵمی لێکراوەو بەردەوام هەوڵی بەعەرەبکردنی دراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەڤەرێکی دەوڵەمەندە لەرووی نەوتو کانزای یەدەگو کشتوکاڵەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە رۆلی خەڵکی ناوچەکە لەبزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا.

بەپێی زانیارییەکان سێیەم گەورەترین یەدەگی نەوت لەسەر ئاستی جیهان لەمەخموورە، ئەگەر بارانیش بباری داهاتی گەنمو جۆی ناوچەکە بەشی هەموو عێراق دەکات، بەدرێژایی شۆڕشی گەلی کوردستانیش مەخموور رۆڵی کاریگەری خۆی هەبووە لەقوربانیدانو، بۆیە دەربەدەریو گوند وێرانکردنو راگواستنو دەستبەسەرداگرتنی ماڵو مولکی خەڵکەکەی لەلایەن بەعسەوە بۆتە ئامانج.

سەرەڕای ئەو راستییانە، مەخموور کە لەساڵی ٢٠٠٣دا لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعس چاوەڕوانی ئەوەبوو بایەخی پێبدرێتو کێشەکانی چارەسەربکرێت، بەڵام بەداخەوە کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە کەجێگەی دڵخۆشی خەڵکەکە بێت، لەنێوان بەرداشی موسڵو هەولێردا رۆژ بەرۆژ زیاتر دەهاڕدرێ! پێداوێستییەکانی مەخموور لەرووی ئاوەدانکردنەوەو دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیو ئاوو کارەباو رێگاوبانو نەهێشتنی بێکاری پێویستی بەئاوڕلێدانەوەی خێرا هەیە، گوندەکانی دەڤەرەکە چاوەڕوانی ئاوەدانکردنەوەن جگە لەچەند گوندێك زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی دەڤەرەکە بەوێرانی ماونەتەوە، لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعس خەڵکی گوندەکان گەڕانەوە سەر گوندەکانیان، بەڵام لەبەرنەبوونی خزمەتگوزاری گوندەکانیان جێنەهێشت، ئێستاش خەڵکەکە لەچاوەڕوانی هاوکاریدایە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان، تا ئێستاش مەخموور پێویستی بەنەخۆشخانەیەکی مۆدێرن هەیەو بۆی دروستنەکراوە، تەنها یەك بنکەی تەندروستی کۆنی لێیەو چ پێداویستییەکی ئەوتۆشی تێدانییە لەرووی ئامێرەکانی پشکنین بۆ تەواوی نەخۆشییەکان، رەوای هەق نییە لەم سەردەمەدا هاوڵاتیانی مەخموور بێ نەخۆشخانە بنو تەنها یەك بنکەی تەندروستی کۆنیان هەبێ، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئاوی خواردنەوەی مەخموور ناتەواوەو ئاوەکەی بۆ خواردنەوە باش نییە، دوای ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوی (گاوەرە)ش بەکۆنە بۆڕی کارەکان تەواوکران، کێشەی کارەباش کێشەیەکی گەورەی هاوڵاتیانی مەخموورو دەروبەرییەتی لێرەوە داوا لەحکومەتی کوردستان دەکەین کەوا لەوێستگەی کارەبای پیرداود لەهەولێرەوە کارەبا بۆ مەخموور رابکێشن، رێگاوبانی دەڤەرەکە زۆر کۆنەو بەرەو تێکچوون دەچنو پێویستییان بەچاککردنەوەو نۆژەنکردنەوە هەیەو، هەروەها باشترکردنو چەورێژو قیرتاوکردنی رێگاوبانی گوندەکان جولەی هاتووچۆ ساناتر دەکاتو هۆکارێکیشە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو پێویستە کاری بۆ بکرێ، سەرەڕای ئەم کێشانە دەڤەرەکە بەهۆی وشکە ساڵییەوەو نەبوونی کارگەی وەبەرهێن رووبەرووی بێکاری بۆتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی مەخموورو قەراجو گوێڕو کەندێناوە چەندین جار لەخولی دووەمی پەرلەمان داوام لەپەرلەمانو حکومەتی کوردستان کردووە کەبە هانای دەڤەری مەخموورەوە بێن زۆربەی جارەکان بەڵێنیان داوەو جێبەجێیان نەکردووە، لێرەوە بۆ مێژووباسی ئەو راستییانە دەکەین، چەند جارێکیش هاوڵاتیانی دەڤەرەکە هانایان بۆ پەرلەمانی کوردستان هێناوە، دواجار بەرەسمی لەلایەن پەرلەمانەوە داوا لەحکومەتی کوردستان کرا کەئاوڕی بەپەلە لەدەڤەری مەخموور بداتەوەو پرۆژەی خزمەتگوزاری لەدەڤەرەکە ئەنجامبداتو کێشەکانیان چارەسەر بکات، (تەواوی ئەو بەڵگەنامانەش لەبەردەستدان) بەڵام بەداخەوە شتێکی ئەوتۆ نەکراوەو رەوشەکە وەك خۆی مایەوە.

لێرەوە جارێکی تر داوا لەپەرلەمانو حکومەتی کوردستان دەکەین کەبەهانای دەڤەری مەخموورەوە بێنو کێشەو گرفتەکانی چارەسەر بکەن، مەخموریش بەشێکە لەکوردستان نەك ئەفریقیا!!